# ئەو پیاوەی شانزە ساڵە لەناو رانیە گۆڤارو رۆژنامە دەفرۆشێت

## ئەبوبەکر حەمەد ئەمین کۆشکێکم نیەو باران ڕۆژنامەکانم لێ تەڕ دەکات



ئا: ئاریا محەمەد

ئێمە منداڵ بووین ئەو کاتەی دەمانبینی دەستێکی بۆ سڵاو بە ئاسمانەوەو دەستەکەی تری پڕ بوو لە گۆڤارو ڕۆژنامەو بە بازاردا دەیگێڕان، ئێستا گەورەبووین و ئەویش بە هەمان گیانو وزەی جارانەوە لەکارەکەی بەردەوامە، گەرماو سەرما ناتوانن ڕێگری بکەن لەو پیاوەو زوربەی زۆری دوکانداروخەڵکی ناو بازاڕ پێی ئاشنان، خۆشی هەندێك لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە دەخوێنێتەوە کە دەیانفرۆشێت، ئەمەش وایکردووە لە بەشێك لە هونەرەکانی ڕۆژنامەگەری شارەزایی باش پەیدا بکات، دەزانێت چ مانشێتێك سەرنجراکێشەو دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەکە بخوێندرێتەوە.

لە چاوپێکەوتنێکی کورتدا چەند قسەیەکی بۆ لێدوان کردو وتی: من خەڵکی شاری قەڵادزێمو لە ساڵی ١٩٨٠ ەوە لە شاری رانیە دادەنیشم، شەش سەر خێزانمو بژێویم لەسەر موچەی فەرمانبەریمەو وەك حەزێك کاری ڕۆژنامەفرۆشی دەکەم، هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە مانشێت بۆ ڕۆژنامە کاریگەری باشی هەیەو وا دەکات ڕۆژنامەکە باشتر بفرۆشرێت، هەروەها ڕۆژنامە وەرزشیەکان بازاڕی زیاتریان هەیەو گەنجان داوایان دەکەن، لەدواییدا باسی لەو کاتو ساتانە کرد کە خەریکی کارەکەیەتیو وتی: هیچ ڕێگریەکم نیەو خەڵك بە چاوی ڕێزەوە سەیرم دەکەن، تەنانەت لەکاتی شەڕی ناوخۆشدا ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی هەموو لایەنەکانم دەفرۆشتن، بێئەوەی کەس گرفتم بۆ دروست بکات.

ئەو پیاوە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان نیەو هیچ بابەتێکی نەنوسیوەو تا ئێستاش نەبۆتە خاوەنی کۆشك، ئەگەرچی لەمێژە ئەو کارە دەکات، بۆیە کۆشکێك بە مافی خۆی دەزانێت، هەروەها باسی لەوەشکرد کە ئەو لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە ڕۆژنامە دەفرۆشێت، کە ئەوکات تەنیا برایەتیو کوردستانی نوێی فرۆشتوە، هەروەها وتی: ڕۆژنامە ئەهلیەکان خوێنەریان زۆر زیاترە لە ڕۆژنامە حزبیەکان. لە کۆتاییشدا هیوای خواست ڕێژەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی دەردەچن، بەرەو کەمبوونەوە بچێت، چونکە پێی وایە لاوازی بە بوارەکەوە دیارە.

# لە دوو بواری لێك جیاوازدا بەرهەمی هەیە

## بیتوێن سەعید محەمەد کتێبێکی لەسەر ئۆتۆمبیل نووسیوەو چەندین هۆنراوەی بۆ منداڵان داناوە



ئا: ڕێبین حسن

دوای بڵاوکردنەوەی نامیلکە شیعرێك بۆ منداڵان، لێدوان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بیتوێن سەعید ئەنجامدا، ئەو نووسەرە باسی لەوە کرد کە پێشتر کتێبێکی دەربارەی ئۆتۆمبیلو مێژووی ئەو ئامێرەو پێکهاتەکانی ئامادەکردووە، هەروەها باسی لە ژیانی منداڵی خۆی کرد، کەچۆن هەر لە سەرەتاوە هەستی نەتەوایەتی جوڵاوەو درکی بە چەوسانەوەی گەلەکەی کردووە، دەربارەی هۆکاری نووسینی کتێبی ئۆتۆمبیل ئاماژەی بەوە کرد کە بەهۆی نەبونی سەرچاوەی زانستی لەسەر ئەو بوارەو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە، بەپێویستی زانیوە کارێکی لەو شێوەیە بکات، هەروەك لەسەر ئەو شیعرانەی بۆ منداڵانی نوسیوەو بڵاوی کردونەتەوە، وتی: من بەهۆی ئەوەی زۆر لەگەڵ هەستو دونیای منداڵاندا تێکەڵمو پێم وایە ناسکترینو جوانترین تەمەنی مرۆڤە، بۆیە وەك دیاریەك ئەو شیعرانەم بۆ نووسیون، هەروەها وتی: من یەکەم هۆنراوەم لە ساڵی ١٩٧٤ لەسەر سنوور نووسیوە بەناوی گوند، ئەو خۆشەویستیە زۆرەش کە بۆ منداڵ هەیەتی وای لێکردووە، هەمیشە وەك هاوڕێیەك هەڵسو کەوت لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا بکاتو زوربەی کات بە یاریو خۆشی لەگەڵیان بەسەر ببات، پاشان ئاماژەی بەوەکرد کە هەمیشە ئامۆژگاری منداڵەکانی دەکات، کە ڕێزی دەوروبەر بگرنو مرۆڤەکانیان خۆش بوێت، بەهیچ شێوەیەك کینە لەناو دڵیاندا بەرامبەر خەڵکی دروست نەبێت، ئەمەش وایکردووە یەکێك لە منداڵەکانی خۆی کە تەمەنی تەنها ٧ ساڵە حەزی لە هۆنراوەکانی ئەو بێتو هەوڵ بدات لەبەریان بکات، خۆشەویستی کاك بیتوێنیش بۆ بوارەکانی تری ژیان وای لێکردووە لە چالاکیە هونەریەکاندا بەشداری بکاتو هەمیشە وەك کەسێکی چالاك لە کۆڕوکۆبونەوە ڕۆشنبیریەکان دەربکەوێت.

بیتوێن سەعید وەك خۆی باسی کرد لە تەمەنی منداڵیدا حەزی لە بواری مکیانیك بووەو ئەمەش وایکردووە لەو بوارەدا بخوێنێت، بەڵام نووسین لەو دوو بوارە جیاوازە بۆ ئەو بوە چەندی بتوانێ، خزمەتی کۆمەڵگاکەی بکات.

ئەو نووسەرە دەرچووی پەیمانگای نەوتە لە بەغداو زمانی عەرەبی دەزانێت، هەروەها ئێستا بەرپرسی بەشی هونەریە لە ئاوی رانیە، لەکۆتاییشدا ئاماژەی بەوەکرد کە ٢٥ هۆنراوەی منداڵانی ماوە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ بە چاپیان دەگەیەنێت.

> ”خۆشەویستی بۆ بوارەکانی ژیان وای کردوە بەردەوام لە چالاکیە هونەریەکان بەشداری بکاتو هەمیشە وەك کەسێکی چالاك لە کۆڕو کۆبونەوە ڕۆشنبیریەکان دەربکەوێ“

# وردەواڵە



چەرچی دەینوسێ

## تێکەڵکردن

ڕۆژێك ژنێك داوا لە مێردەکەی دەکات کە گوێ لەو بەرنامەیە بگرێ بۆی و بەخێراییش بۆی بنوسێتەوە کەلە ڕادیۆ وە بڵاو دەکرێتەوەو باسی دروست کردنی جۆرە خواردنێك دەکات ،چونکە ئەو لە نوسینەوەدا خێراترە . کابراش بە بێتاقەتیەوە قەلەم و کاغەز بەدەستەوە دەگرێ و دەست دەکات بە نوسینەوە ........

) پیازەکە بەشێوەی ئاڵقەیی دەبڕیت . لەسەر سنگ پاڵ دەکەویت ،تەماتەو باینجانەکە دوای شۆرینەوە قاش قاش دەکەیت ،سێ جار لە سەر نووکی پەنجە هەڵدەبەزیەوە ،ڕۆنەکە باش دەقرچێنی ،هەردو دەستت دەخەیتە سەر کەمەرت ،پیازەکە دەکەیتە ناو ڕۆنەکەوەو ،لەسەر پشت پاڵ دەکەوی ،سەری قابلەکە دادەدەیتەوەو هەردو قاچت بۆ سەرەوە بەرز دەکەیتەوە . .......(

دیارە لەکاتی نوسینەوەکەدا دوو ئیزگە تێکەڵ بوون وهەریەکەو بەرنامەیەکی بڵاو کردۆتەوە ،یەکیان بەرنامەی دروستکردنی خواردن و ئەویتریان بەرنامەی وەرزشی ڕۆژانە ، و هەرجارەش یەکێکیان بیستراوە و ،ئەو پیاوەش بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی چی دەنوسێ ،هەرچی بەرگوێ ی کەوتوە ،نوسیویەتی .

ئەمرۆش ،ڕۆژانە ئێمە ئەو جۆرە بابەتانە لە ناو گۆڤارو ڕۆژنامەکان و لە کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەکانەوە ،دەخوێنینەوەو گوێمان لێ دەبێت و دەبینین ،بەڵام بەدیوێکی مەترسیدارتردا ،چونکە کاتێ وەرزش و خواردن دروستکردن تێکەڵ دەکرێ ،تەنیا ئەو کابانەی پێوە گرفتار دەبێ ،بەڵام ئەوەی تریان ،هەمو کۆمەڵگا بەچارەنوسی سیاسیشمانەوە .

## پێوانە

هەرچی شتە لەسەر ئەم دونیایە بە پێوەرێك یان پێودانگێك پێوانە دەکرێ ،جا بە باری پانیی و درێژی و ئەستوریی بێ ، یان بە باری قەبارەو ڕوبەرو کێش دا ،.... . هەندێ پێوانەش هەن ئالەت و ئامرازی پێوانەکانیان لە مێشك و هەست دا خۆیان حەشارداوەو ،ئەم جۆرە پێوەرانە زۆر چارەنوس سازن و پێوانەی ئاستە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیەکانیان پێ دەکرێ .

لە ناو ئەو نەتەوانەی کەبە درێژایی مێژوو ،گۆڕانی ڕیشەیی یان بە سەردا هاتبێ ،یان هەر نەهاتبێ پێودانگ و پێوانەکانیان ڕوونترو ئاشکراترن ،لەوانەی کە نەئەمیانن و نەئەویان و لە نێوانی هەردو بەرداشەکەدان ،وەك ئێمەمانان !! .

بۆ نمونە : ئێمە نەعەشایر عەشایرین و نەمەدەنی مەدەنیی !! . ئینتەرنێت بە عەقڵی تیرەگەرێتی بەکار دەهێنین . سەتەلایت بە عەقڵی هەرزەکاریی و دوایین تەکنۆلۆجیاش بەعەقڵی خێڵ .

تەنانەت لە بیرکردنەوەو ڕێبازە فکری و ڕامیاریەکانیشماندا ڕادەی ناوەندمان نیە . لەچەپایەتیدا ،چەپی چەپ و لە ڕاستگەراییش دا ،ڕاستی ڕاست !! هەندێك هێندە لە پێش عەقڵی کۆمەڵگاوەن کە ئاوڕ دەدەنەوە بۆ دوای خۆیان ،کەس نابینن !! هەشمانە هێندە لە دوای عەقڵی کۆمەڵگاوەن کە سەیری پێش خۆیان دەکەن کەس نابینن .

هەمانە بەخوێندنەوەی کتێبێك حوکمی شێتی کۆمەڵگا دەردەکات و ،هەشمانە پێی وایە پێمان ناوەتە ناو دورگەی کۆمەڵگای مەدەنیەوەو داوا دەکات سیستەمی فکری و سیاسی ئەوروپی لە وڵات دا دەبێ پیادەبکرێ !!

هەشمانە گاڵتە بەم جۆرە تێڕوانین و تێفکرینەی من دەکات .

خوا ڕەحم بە هەموڵایەکمان بکات . ئامین

## چیرۆکە هەواڵ

# ئەو دەمەی خۆشەویستێك لەدەست دەدەین، با ئەو خۆشەویستیە بەسەر مرۆڤەکانی تردا دابەش بکەین

هەنسك محمد

زۆر جار، مرۆڤ لەگەڵ کوژانەوەی مۆمێکدا جیهانی لێ دەبێتە شەوو ناتوانێت تکا لە مۆمێکی تر بکات، کەمێك روناکی بداتێ، چونکە گەنجی ئەم وڵاتە هەمیشە وابیر دەکاتەوە، کە خۆشەویتی سنوری دەرگای ماڵێك ناپڕێتو ئەگەر ئەو دەرگایە داخرا، ئیتر باڵەخانەی ئەوین چۆڵو بیابان دەبێت، من گەنجێکی تەمەن هەژدە ساڵانە بووم وام هەست دەکرد تازە سەرەتای ژیانمە بەدونیایەك بەرنامەی جوانو بەدونیایەك خەون لەژیانم دەڕوانی بەڵام بەدەر بووم لەخۆشەویستی چونکە وام هەست دەکرد ژیان جارێ پێویستی بە کۆمەڵێك خەونی تر هەیە کەمن بیری لێ بکەمەوە، بۆیە ئەوەی بەخەیاڵم دانەدەهات خۆشەویستی بوو. بەڵام زۆر جاری واهەیە نیگایەك یاخود هەناسەیەك یان موفاجەئەیەك دێتە بەردەمی مرۆڤ، کەمرۆڤ ناتوانێ لەدەستی رابکات شەوێك لەشەوەکان تەمەنی ژیانم وەك هەموو شەوانی ڕابردوو بیرم لەداهاتووی ژیانم دەکردەوە لەناکاو زەنگێکی مۆبایلم بۆهات کە وەڵامم دایەوە کچێکی دەنگ ناسك گوتی: ئەلو، دوای هەواڵ پرسین گوتی: جەنابت دیاری، گوتم بەڵێ، گوتی دەتوانی گوێم لێ بگری گوتم بەر لەوەی گوێت لێ بگرم دەمەوێ بزانم تۆ کێی؟ گوتی بۆیە تەلەفونم کردووە تاخۆمت پێ بناسێنم، لێم پرسی خوشکی بەڕێز ناوت چییە؟ گوتی ناوم ژینۆیەو خوێندکارم، هیوادارم بەهەڵە لێم تێ نەگەی دەمەوێ جوان لەژیان بڕوانمو کەسێك هەبێ لێم تێ بگا بۆیە هیوادارم تۆ ئەو مرۆڤە بی. منیش وەڵامی پێویستم دایەوەو ئەو زانیارییەم لێ وەرگت کە ژمارەی منی لە ئاسۆ وەرگرتووە. لەکاتی قەکردندا لەگەڵ هەناسە قوڵەکانیدا پەلکێشی دەکردم بۆ ئەو دونیایەی کەتا ئەوکات بیرم لێ نەکردبۆوە، بەڵێنماندا یەکتر ببینین بۆیە دوای ماڵئاوایی ئەگەر چی هەستم بەتەنیاییەکی زۆر دەکرد خەوتم، بۆبەیانی گەیشتمە ئەو شوێنەی کەبەڵێنمان بەیەکتری دابوو.

کەچاوم پێی کەوت واهەستم کرد کەلەمێژە دەیناسمو بەجیهانی ڕۆحی من ئاشنایە ئەو تەواو خۆی جوان کردبوو جلی تازەو ماکیاجی سەرنج ڕاکێش زێدەتر لەدونیای ئەفسانەدا قوڵی دەکردمەوە، دوای گفتوگۆیەکی کورت بریارماندا یەکتیمان خۆشبوێت بەڵام خۆشەویستییەك کەدووربێ لەکات بەسەربردنو دەستبرین بەڵکو لەپێناوی بنیاتنانی ئایندەیەکی گەشدا بێت. دوای ئەو دانیشتنەو سات لەدوای سات زیاتر بەناخی یەکتردا ڕۆدەچووین ئەوکاتانەی هەستمان بەتەنیایی دەکرد دەمانتوانی لەڕێگای گفتوگۆو یەکتر بینینەوە کەمێك لەئاگری تەنیایی دڵمان خامۆش کەین دوای ساڵێكو هەشت مانگو هەڤدە ڕۆژ بێ ئەوەی یەك چرکە دڵمان خاڵی بێ لەبیرکردنەوە لەعەشقی یەکتر کارەسات ڕوویدا، ئەو شەوە بەڵێن بوو بۆ بەیانی یەکتر ببینین بۆیە بەدنیایەك حەزەوە هەنگاوم نا هەمیشە بیرم لای ئەوە بوو کە دەبێت ژیان چی لەهەگبەی خۆیدا بۆ عەشقی ئێمە هەڵگرتبێت. بەڵام وەك هەواری خاڵی کەچووم ژینۆم نەبینی، نەموێرا بیر لەوە بکەمەوە کە ئەو کەسێکی بێ بەڵێن بێ یان منی بیر نەمابێت، بۆیە گوتم ڕەنگە بەهۆی کارێکەوە دواکەوتبێ پاش تۆزێكو لەدوای پێنج جار تەلەفون کردن دەنگی گریانێك دەهات لەبەر شپرزەیی تەنیا ئەوەندە تێگەیشتم گوتی ژینۆ سوتاوەو مردووە، ئیتر بەدەنگی ژینۆ گیان ژینۆ گیان تەلەفونەکە داخرایەوە، منیش لەگریانو دادو تیغان بەولاوە هیچ شتێکم لەدەست نەهات لەوێوە کەوتمە گریان لەداخی ئەو ژیانەی کە ئازیزترین کەست دەخاتە چاڵەوە، بەڵام کۆڵم نەداو بڕیارمدا هەتا ئەو ڕۆژەی ماوم خۆشەویستی ژینۆ بکەمە هێمای خۆشەویستی هەموو مرۆڤایەتی.

